زنجیرەی چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

ئەلقەی یەکەم

ئادەم پێغەمبەر

درودی خوای لەسەربی

صلاح الدین محمد بهاءالدین

چاپخانەی

دار الرسالة - بغداد

سالی ١٩٨٠

پێشەکی

بەناوی خـواوە ، سوپاس بۆ خوا ، درود و ستایش بۆ پێغەمبەری پێشەوا .

قورئانی پیرۆز ، کـە خەزینەیەکی زێڕین و گەنجێکی گەوهەرین بێ ، بۆچی پەنا بۆ پڕوپیەژنو کولێنانیو فالچی ودەست برەکان ببەین ؟! چونکە ئەبێ بیربکەینەوە ... ئایا کێ دروستی کردوینو کێ سەرپەرشتیمان ئەکاو کێ ڕۆزیمان پێ ئەبەخشێو کێ بیروهۆشو فامی پێ خەلاتی کردوینو کێ نەخۆشمان ئەخاو کێ ئەمان مرینێو بەئەمای دادو میهرەبانی کێین ؟! بێگومان خوای پەروەردگار ..

وە هەر ئەو خوایەش ئەتوانێ تیماری دەردەکانمان

بکات‌و تەنها پەیام‌و پێغەمبەرەکانی ئەو ئەتوانن مەشخەڵی چارەسەری‌و تیماری کۆمەڵی شەکەت‌و شکستەی دەسق دوور لە خواییمان بکات .. هەر بەرنامەی خوا توانای سود بەخشی‌و چارەسەری ئێمەو گشت مرۆڤەکانی هەیە . چونکە تەنها خوا دروستی کردوین‌و هەر ئەویش ئەزانێ چیمانەو بەچی چارەسەر ئەکرێین ؟! بۆیە قورئان خاوەنی خوێندنگایەکی واچارەسەرکەورو حەکیمانەی بزورگە کە توانی کۆمەڵگەی پێشەرەنگ‌و دروندە سروشتی ئەو کاتەی نیوەدورگەی عەرەب بکاتە نموونەی خاوێن‌و بەختیارترین کۆمەڵگەو بیکاتە پێشرەوی کاروانی خێرو چاکە لە دنیادا ، شارستانیەتێکیان لە پەنای قورئانداو بە هۆی قورئانەوە بنیات نا کە ئەوە چواردە سەدەیە هێشتا بلێسەی گڕی شۆڕشەکەی هەر لەگەڵ کەشکەشانی ئاسمان چەپۆکانیەتی ..

چا بۆیە ، وە لەم ڕوانگەوە حــەز ئەکەم بفەرمووی - خوێنەری بەڕێز - کە سەرێك لە خەزێنەی پڕ تفاقو کۆگای ڕازاوەی پڕ کـەمالی قورئانی پیرۆز بدەین بۆ تیماری دەردەداریمانو چارەی بەد ئەحواڵیمان .

بەڵام لە بەر ئەم سەهۆڵ بەندانە ناهەموارەی کە دنیای گرتۆتەوەو تەنانەت مێشكو هۆشەکانیش بەستویانە ، بەرەو قوڵێك بچین کە لەگەڵ تەمەنی بیرو هۆشماندا و لەگەڵ ڕۆژی بانگەوازەکەی قورئاندا بگونجێ ، چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز بە باشترین پەنا ئەزانم بۆ ئەو مەبەستە .. هــەم چیرۆكو زستان بەینیان خۆشەو هەم مەبەستی ئێمە کە بەهرەوەر بــوونە لە خزمەت فەرمایشتە زێڕینەکانی پەروەردگاردا دێتە دی .

لە بەختی ئێمەشدا وا خێزانە بەختیارەکەی مامۆستا ڕەحیم خەریکی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکـە

پیرۆزانەن لە کۆڕێکی چیرۆك خوانی شەوانەدا کە لە قالبێکی شانۆگەری قەشەنگدا هەر چیرۆکەی بەچەند دانیشتنێك تەواو ئەکەن و دوا شەویشیان دائەنێن بۆ شی کردنەوەی خاڵە گرنگەکانی چیرۆکەکان و گوڵچن کردنی پەندەکانیان .

دە فەرمون خوشك و برای شیرین با فریای چیرۆکی یەکەمی زنجیرە چیرۆکەکان بکەوین کە سەرگوزەشتەی دروست بوونی یەکەم مرۆڤ و جێ نشینیەتی ئادەمیزادو دوژمنایەتی شەیتان و زەفەربردنەکانی شەیتان بە باوکە ئادەم و خێزانەکەی و رۆڵەکانی ئەگێڕێتەوە .. لە خوا ئەخوازم کە بەرەزامەندیەوە ئەم بەرهەمە کاڵ و کرچەش لە ئێمە قبول بکاو لە قورئانی پیرۆز بەهرەوەرمان بکاو کۆمەکمان بکا بۆ تۆمارکردنی ئەڵقە داهاتووەکانی ئەم زنجیرە پیرۆزە ...

صلاح الدين

محرم / ١٣٩٤

شباط / ١٩٧٤

خێزانی ماموستا عبدالرحیم

ماموستا رەحیم : ماموستایەکە لە یەکێ لە
خوێندنگاکانی کوردستان .

فاطمەخان : دایکی منالەکانی ماموستایەو سووکە
خوێنەواریەکی هەیەو بە جوانی یارمەتی ئەدا لە
بەرێوە بردنی ئەرکی ماڵداریو لێ پرسراوە لە
پەروەردەی منالو سەروکاری ماڵدا .

ئوسامە : کوڕی گەورەی ماموستایە ، قوتابی پۆلی
پێنجەمی ئامادەیی یە .

حەمزە : کوڕی بچوکی ماموستایە ، قوتابی پۆلی
سێهەمی ناوەندی یە ..

نەسیبە : تاقە کچی مامۆستایەو لە پۆلی یەکەمی ناوەندییە ، شایانی باسیشە کە بە جوانی ئادابی شەرمەی ئافرەتی موسڵمان ڕائەگرێت ، هەرچەندە هاوڕێکانی تانەی لێ ئەدەن ...

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿٢٩﴾ وَإِذْ قَالَ
رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا
مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ
لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ
عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَـٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ
صَـٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟ سُبْحَـٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ
ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم
بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ
مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٣٣﴾



CamScanner

[زستانەکەی زۆر سەخت و پڕ لە سەرماو سۆڵەیە ، دەرو دەشت و کێو تارای سپی بەفرینی پۆشیوە ، بەڵام ماڵی « مامۆستا رەحیم » چ باکیا ە کە چۆلەکەو مارو مێروو وبێ نەوایان بەدەست سەرماوە زیل و یەمیانە ، چونکە زۆپاکەی ئەوان هەمیشە تاو بوو .. هەر کە شەو دائەهات خێزانەکەی مامۆستا بە دەور و بەری زۆپاکەدا گرد ئەبوونەوەو گوێیان لە چیرۆکە خنجیلانەکانی مامۆستا ئەگرت . . بە شێوەیەك کە زۆرتر لە کۆڕێکی ئەدەبی ئەچوو نەك خێزانێکی کوێستان نشین .

ئەمشەو « ئوسامە »ی کوڕی داوای گێرانەوەی چیرۆکێکی زۆر گرنگ و پیویستی کرد . . ئەو چیرۆکەی کە دەمێکە چاوەڕێی ئۆرەیەتی . . چیرۆکی دروست بوونی یەکەم مرۆڤ ... سەرگوزەشتەی ئادەم پێغەمبەر - درودی خوای

لەسەربێ -] .

ئوسامة : بابە گیان ئەمشەو زۆرەی چیرۆکی باوکە گەورەمانە ، ئادەم پێغەمبەر - درودی خوای لەسەربێ - چونکە بەڕاستی زۆر باسێکی گرنگ و پێویستە ..

خـێزان : (بەتێکڕا) ئەرێ بە خوا باسێکی پێویست و خوشە ..

مامۆستا رەحیم : ڕۆڵە گیان خۆیشم وام نیازە .. چونکە بەڕاستی ئەم سەرماو سۆڵەیە کە ئەم جیهانەی داگرتۆتەوە ناچارمان ئەکا لاشەمان بەم زۆپایە گـەرم کەینەوەو گیان و هەستیشمان زۆپایەکی بۆ تاوکەین .. لە سـەرگوزەشتەی پێغەمبەرانیش خـۆشتر و گەرم و نەرمتر چنـگ ناکەوێ .. هەم لە سەرمای ئەم زستانە ڕزگارمان ئەبێ و هـەم هێز و تواناو وزەی ڕامالینی بەفر و تەرزەی ڕێگامان دەست ئەکەوێ .. چونکە پیاو ڕێگای سەخت و دوری لەرێدا

بوو ئەبێ خـۆی گـەرم کاتەوەو چاك تفاقی سەفەر بپێچێتەوە . . بڕیار بێ ئەم چلەی زستانە بـە ڕەفیقی ئەم زوپایەو چیرۆك خوانی چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز بەرینە سەر . .

بەڵام پێشەکی پێتان ڕائەگەیەنم ئەوەی کـە لە قورئاندا نەبێ بۆتانی نەگێڕمەوە ، چونکە تەنها قورئانو چیرۆکی قورئانە توانای گـەرم کردنەوەی ئیمەی ڕێبواری هـەیە ، بەڵام قـەرزارم بن ئەگـەر لە گێڕانەوەی ئـەم چیرۆکانە درێغی بکەن لای ئەوانەی کە کەڵکی لێ وەر ئەگرنو خەساری ناکەن . .

ا چاوو گوێی هەموو خێزانەکە ناراستەی دەمو زمانە پاراوەکەی مامۆستا بوو بوو ، هـەمـوو گوێ قـوڵاخ وەستابوون بـە دیاریەوە تا لەخەزێنەی بیرو هۆشە تیژەکەی بەشیان بـدا . . تا لە کۆکاوی دنیـا دیـدەیی و

دینداریەکەی بەھرەوەریان بکا . . لە
ناکاو قەڵەمەکەی فڕێ داو لێی ھاتە
سەر چۆکو ڕووی کردە دایکی ئوسامة] .
مامۆستارەحیم : بەو شەرتەمان کردبێ تا ئەم

چیرۆکە تەواو ئەبێ تۆری چایەکەی تۆ لەسەر
ئاگرەکە دانەگیرێو پیاڵەکەی منیش لەبەر
دەمما ھەڵنەگیرێ ... ڕۆڵەکانم ، خێزانە
بەختیارەکەم گوێم بۆ بگرن :

کاتێك کە خوای پەروەردگار زەوی‌و ئاسمانی
دروست کرد بۆ پەرستش‌و فەرمانبەری‌و
ھەڵسوڕاندنی ئیش‌و کاری خۆی ، ویستی
جێنشینێکی بەھرەمەندو کارگوزار بخاتە
سەر ئەم زەویە بۆ ئاوەدان کردنەوەی‌و ژێر
بارخستنی ئەم بوونەوەرە (کَوْن) ، تەنھا بۆ
ئەوەی گەورەیی خوا ئاشکرا ببێ‌و خواناسی
تیابکرێ ..

خوا ئەفەرموێ ڕووبەڕووی فریشتەکان :

« من ئەمەوێ خەلیفەو جێنشینێك لە زەویدا دابنێم » فریشتەکان سەرسام بوونو کوتو پڕ وتیان :

« ئایا تۆ کەسێك دائەنێی بە جێگەدار کە خراپە بکاو خوێن ڕێژ بێ ، کەچی ئێمە دانێی کە هەمیشە فەرمانبەرو مل کەچین ؟! » .

خوای پەروەردگاریش پێی فەرموو :

« ئەوەی من ئەیزانم ئێوە نایزانن .. »

ئینجا خوای گەورە لە قوڕ ئادەمی دروست کرد وە لە گیانی خۆی ، گیانو ژیانی پێ بەخشی ، وە کردی بەو جێنشینەی کە پێشتر هەوڵی دا بە فریشتەکان .. وە فێری ناوی هەموو شتێکی ئەم زەویەی کرد . .

وە بۆ ئەوەی بۆ فریشتەکانی ڕوون بکاتەوە کە ئادەم شایستەی ئەو فرمانەیەو شیاوی ئەوەیە

کەجێ نشینی خواو سەرداریەتی بونەوەر بکا . .
بۆ ئەم مەبەستە چەند جۆرە شتێکی خستە بەر چاویان وە پێی فەرمون :
« ئادەی فریشتەکان ناوی ئەم شتانەم پێ بڵێن » . .
فریشتەکانیش بە حەپەساویەوە وتیان :
« خوایە ئێمە هیچ نازانین جگە لەوەندە نەبێ کە خۆت فێرت کردوین . . هەر خۆت هەموو شتێ ئەزانی » .
ئینجا خوا فەرموی بە ئادەم :
« ئادەی تۆ ناوەکانیان پێ بڵێ » . .
ئەویش بە ئاسانی ناوەکانی پێ وتن . . بێ گومان لێرەدا زانایی و لێهاتوویی و شایستەی ئادەم دەر ئەکەوێت .
ئینجا خوا فەرموی بەفریشتەکان :
« ئەوەتە من پێم نەوتن باشتر ئەزانم و

ئاكام لە هەموو شتێكە ؟! » (١)

حەمزە : بابە گیان حەز ئەكەم بۆمان ڕون بكەیتەوە كە چۆن باوكە ئادەم لە قوڕ دروست كراوە چونكە بەڕاستی لەشی مرۆڤ زۆر دوورە لە گڵو قوڕەوە ئەگەر بە سەر زارەكی سەیر بكرێ .

مامۆستا : ڕاستە بە سەر زارەكی سەیر بكرێ لەشی مرۆڤ زۆر دوورە لە گڵو خاكو قوڕەوە .. بەڵام مەسەلەی دروست بونی یەكەم مرۆڤ لە قوڕ شتێكی سەلمێنراوە چ بەفەرمودەی خوا (٢) وە

(١) لە سورەتی « البقرة / ٣٠ ـ ٣٣ » .

(٢) لە سورەتی « السجدة »

ذٰلِكَ عَالِمُ

الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ۝ الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ ۝ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ ۝ ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ

چ بەزانیاری و لێکۆڵینەوەی کیمیایی .. زانایان ئیسپاتی ئەوەیان کردوە کە ئەگەر مشتێک خۆڵی ئەم زەمینە بهێنی و لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەی کیمیاوی بەسەردا بکەی لە ئەنجاما بۆت دەرئەکەوی کە «١٦» عونسوری تیایە .. وە هەروەها پارچەیەك لە لەشی مرۆڤ بهێنی وە بیخەیتە ژێر لێکۆڵینەوەی کیمیاوییەوە ئەبینی هەمان شێوە بریتیە لەو «١٦» (عنصرە : توخم) کە ئەمانەن :

ئۆکسجین ـ کاربۆن ـ هایدرۆجین ـ نایترۆجین کالسیۆم ـ فوسفۆر ـ کلۆر ـ گۆگرد ـ پۆتاسیۆم ـ سۆدیۆم ـ مەگنیسیۆم ـ ئاسن ـ یۆد ـ سلیکۆن مەنگەنیز .. (١)

نەسیبە : باشە ئەو شتانە ـ عناصر ـ ی دروست

---

(١) لە کتێبی « ئادەم » دانراوی مامۆستا « بهي الخولي » وەرگیراوە ..

بونی لەشی ئادەمیزادن ، ئەی گیان - روح - چیە؟

مامۆستا : بەڕاستی تائێستا کەسێك لەبارەی ڕۆحەوە هیـچ نازانێ ، کەچی هەیشە ! ئەوەتە زەلامێك تەنها ئەو گیانەی لێ دەرئەچێ ، ئیتر لەشی ساغو سەلیمە کەچی بە مردوو حیسابەو دوای ماوەیەك ئەو لەشە ناسـكو ئازایەی ئەوسـای ئەڕزێو ئەبێتەوە بەخاك . .

هەمان پرسیار لە کاتی خۆیا کرا لە پێغەمبەری پێشەوا - صلی الله علیه وسلم - . . وەڵامەکەی نەزانیو وەستا بە دیار ئاگادار کردنی خواوە ، پاش ماوەیەك وەڵامەکەی بەم ئایەتەبوو :

« وَيَسْئَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الروحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتم مِنَ العلم إلا قليلا » ..

[الاسراء / ٨٥] .

واتە : وە لێت ئەپرسن کە . . گیان » چیە؟

بەڵێ : گیان نهێنیەکی خوایی‌یەو ئێوە ئەوەنـدە ئاگاداریتان نەدراوەتێ کە پەی بەو شتانە ببەن ..

جا لە ڕاستی‌دا گەورەیی‌و گرنگی ئادەمیزاد لەو خەڵاتە خواییەوەیە ، واتە (روح) . ئەگینا کاتێك کە ئەو خەڵاتەی لێ سـەندرایەوە ـ واتە مرد ـ بە پەلە ئەبێ بخرێتە ناوخاکەوە یا سەر نوگم بکرێ ئەگینا بۆگەن ئەکاو ژیان لە عالەم تێك ئەدا ..

ئینجا ئەبێ بزانین نهێنی ئەو سەرداری‌و مەزنیەی کە مرۆڤ هەیەتی ئەگەرێتەوە بۆ ئەوگیانە کە مەگەر خـــوا بزانێ چیە ، ئەوەنـدە هەیە (دیاریەکی خوایی‌یەو لە خودی زاتی خۆیەوە بەخشراوە بەو پارچـە قوڕەی کە خـوا کردویەتی بە سـەرداری سەرزەوی وجێ‌نشینی خۆی . (١)

ئوسامە : بابە پرسیارێك ، ئاوا بۆچی فریشتەکان

(١) « وَنَفَخْتُ فِيهِ من روحي » [الحجر] ٢٩.

ئەو ناوانەیان نەزانیو باوکە ئادەم زانی .. ؟ !

مامۆستا : ڕۆڵەکیان ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە ئەو شتانە گشت پەیوندی بە ژیانی ئادەمەوە هەبوو وە ناوی زانیبون لە کاتی پێشوودا.. چونکە ئەو شتانە گشت کەرەسەی فرمانەکەی بوون ، وە ئەبوایە ژێر باریان بخاو سوودیان لێ وەربگرێ ..

بەڵام فریشتەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەو شتانەوە نەبوو ، وە هیچ ئیشێکیان بەشتو مەکی سەر زەوی‌و ئاسمان‌نیە .. بەڵکو تەنها ئیشیان پەرستش‌و فەرمانبەری خوای میهرەبانە ، نە وچان ئەدەن وە نە خواردن ونارەزویان هەیە .. جگە لە مانەش خوای میهرەبان ئەیویست بەم نموونەیە گەورەبی‌و لێهاتوویی ئادەم بە فریشتەکان بسەلمێنێ ..

تا ئێرە ئەمشەو بەسە ، خوا کۆمەك بێ سبەی شەو هالاوێکی تر لە کوورەی گەرم‌و گوڕی

سەرگوزەشتەی ئادەم پێغەمبەر - درودی خوای لەسەربێ - وەرئەگرین ..

بسم الله الرحمن الرحيم

وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟
إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ (١١) قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ
أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ (١٢)
قَالَ فَٱهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخْرُجْ إِنَّكَ
مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ (١٣) قَالَ أَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤) قَالَ إِنَّكَ مِنَ
ٱلْمُنظَرِينَ (١٥) قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ (١٦)
ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ
وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَٰكِرِينَ (١٧) قَالَ ٱخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا
لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ

[الأعراف]

[بەم باران‌و تۆفە مامۆستا نەیئەتوانی بچێ بۆ مزگەوت ، هەر لە پەنازۆپاکەدا نوێژەکەی خەوتنانی کردو شانی دادا ، ئینجا قورگی لێ ساف کردو بانگی کردە « ئوسامە » و « حەمزە » و « نەسیبە » وە « فاطمەخان » ی دایکان .. هەموویان لەزۆپاکە کۆمەڵیان کردو لەوەدا بوو مامۆستا قسە بکا ، بەڵام نەسیبە لێی هاتە پێش‌و وەك یەکێك مەراقی قسەیەکی بێ ...]

نەسیبە : ئەرێ بابە دوێ شەو باسی ئەوەت کرد کە خوای پەروەردگار ئادەمی کردوە بە جێنشینی خۆی بۆ سەرداریەتی‌و ئاوەدان کردنەوەی زەوی .. بەڵام من لەوە حاڵی نەبوم کە ئایا حەزرەتی ئادەم بێ باوك‌و دایك لە کێ بووە ئایا چۆن لەقوڕ دروست بوە ؟

مامۆستا : زۆر جوانە رۆڵە گیان ، ئەبوایە

ئەوەمان لەیاد نەچوایە کە خـوای پەروەردگار
بە فریشتەکان ئەفەرموێ من مرۆڤم دروست کردوە
لە قوڕ جا کە گیانم کرد بە بەریا ئێوەش کڕنوشی
ڕێزی بۆ ببەن .. مـانای وایە باوکو دایکی ئەبوە
وە لەقوڕی سوورەوە کراو دروست بوەو خوا گیانی
کردوە بە بەریا ..وە ئێستاش زانیاری دەری خستوە
کە لەشی ئادەمـیزاد لە قوڕ دروست بوەو گیـانی
کراوە بە بەرا - هەروەك باسمـان کرد - وە پاش
مردنیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانە ، وە لای خوایش
هیچ شتێ گرنگ و نەگونجاو نیە ..

ئوسامە : باشە بابە گیان ، ئەوا زانیمان کە

ئادەم لە قوڕ دروست بوەو گیانی کراوە بە بەرا ،
وە هەر چەند ئەمە دوورە لە پێش چاوی ئێمە بەلام
لای خوا ئاسانەو هیچ دوورنیە .. بەلام من ئەوەم لا
سەیرە کە چۆن خوا ئەمر ئەکا بە فریشتەکان سوجدە

بەن بۆ ئادەم ؟ چونکە ناگونجێ خوا فەرمان بکا بە سوجدە بردن بۆ غەیری خۆی ..

مامۆستا : ئەمیش جوانو ڕاستە ، بەڵام سوجدە دووجۆری هەیە : سوجدەی پەرستن کە بۆ غەیری خوا نابرێ ، وە سوجدەی ڕێز لێ گرتنو پێشوازی ، کە ئەم جۆرەی ئاخریانە خوا فەرمانی پێ کردوە لەم حاڵەتەدا .. بەم جۆرە خوای میهرەبان فەرمانی کرد بە سوجدە بردنی گشت فریشتەکان بۆ حەزرەتی ئادەم ، بێ گومـان گشتیان فەرمان بەرییان کردو گوێ ڕایەڵییان کرد جگە لەو یەکەیان نەبێ کە ناوی « ئیبلیسە » فیزو نەگبەتی گرتیو سوجدەی نەبرد ..

بێ گومان شتێکی سەیر بوو کە بەندە سەرپێچی فەرمانی خـوا بکاو فـیز بیگرێ ، بۆیە خواوەنـد فەرمووی :

« بۆچی سوجدەت نەبرد ئەی ئیبلیس ؟ »

شەیتانیش ووتی : چونکە من لەو باشـترم ، ئەوت لە قوڕ دروست کردووەو من لە ئاگر ...

خوای گەورە خەشمو قینی لێ گرتو لە بەهەشت دەری کرد ، لە سەر ئەوبێ ئەدەبیو فیزو لەخۆ بایی بونەی .. فەرموی :

« لە عنەتت لێبێ تا ڕۆژی دوایی » .

شەیتانیش وتی : خوایە مۆڵەتم بدەو بمهێڵەرەوە تا ڕۆژی سزاو پاداشت ..

خـوای میهرەبانیش مۆڵەتی داو وێڵی کرد .. ئینجا ئەویش لە داخانا سوێنی خوارد کە دەست بکاتە گومڕا کردنو هەڵ خەڵەتاندنی ئادەمو نەوەکانیولە خشتەیـان بەرێو ڕێی ڕاستیان لێ بگرێو لە هەموو لایەکەوە هێرش بکاتە سـەر دڵەکانیانو وێڵیان بکات مادام ئەو بوو بە مایەی سەر گەردانیو ماڵ کاول بونی ..

CamScanner

خوایش فەرموی : چیت لە دەست دێ دریغی نەکەی ، چونکە فێڵو تەڵەکەو تەکبیری تۆ ناتوانێ موسڵمانی ڕاستە قینە لە ڕێ دەرکاو گومڕای بکا .. بەڵام ئەوانەی کە بە قسەت ئەکەنو شوێنت ئەکەونو شاگردیت ئەکەن ، ئەوانە وەك تۆ دوورن لە ڕەحمی خواوەو جێگایان هەر دۆزەخە .

[لە گەرمەی ئەم باسەدا بوون « مام أحمد » ی دراوسێیان بەدەنگە زوڵاڵەکەیەوە هاواری کرد]

مام أحمد : ئەوە نە نوستوون ؟!

[ئینجا خۆی کرد بە ژوورا بێ پرس ومـاوە خواستن ، بۆ هەڵرشتنی ئەو دعایەو پروپاگاندەو هەواڵە درۆیانەی کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە پەیدای کردبون .. ناچار مامۆستای زیرەك کۆتایی هێنا بە دانیشتنە کەیانو بە خێزانەکەی ڕاگەیاند کە تازە هەگەر سبەی شەو نۆرەی باسەکەیان بێتەوە] .

بسم الله الرحمن الرحيم

وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ
شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا
ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ
عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن
رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾

[البقرة]

بسم الله الرحمن الرحيم

وَيَـٰٓـَٔادَمُ
ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا
هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَـٰنُ لِيُبْدِىَ
لَهُمَا مَا وُۥرِىَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ
ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَـٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ
إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّـٰصِحِينَ ﴿٢١﴾ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ
بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ
وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ
ٱلشَّيْطَـٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ
لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ

[الأعراف]

[ئەمشەو ماڵی مامۆستا رەحیم هەریەکە خەریکی شتێکن ، ئەوەی لە بیریان چووبێتەوە هەر کۆنکرەوو کۆڕە چیرۆك خوانیەکەی مامۆستا بوو .. تا ئوسامەو حەمزە نوێژی خەوتنانیان لە مزگەوت بە جەماعەت کردو بە شێنەیی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ، سەیر ئەکەن لەوە ناچێ باوکیان چیرۆکەکەی لە یاد بێ ، ئەوانیش خۆیان بێدەنگ کرد تابزانن کەی جەرەسی کردنەوەی کۆڕەکە لێ ئەدا .. دەنگ نەبوو تا (فاطمەخان)ی دایکیان لە ئیش و کار بووەوەو خۆی کرد بە ژوورا ، سەیر ئەکا دەوری زۆپاکە چۆڵەو هێشتا کوڕ گەرم نەکراوە ، بەسەر سامیەوە وتی :]

فاطمەخان : ئەرێ ، باوکی ئوسامە بۆچی لە چیروکەکەمان بۆ ناگێڕیتەوە ؟ خۆ وابزانم درەنگ بێ ؟

[مامۆستاش کتێبەکەی بەردەمی پێچایەوەو بێ پەروا بەردو زۆپاکەخۆی کشاند .. ئوسامە کردی

بەگەمەو وتی :]

ئوسامە : بابە ، مادام ئەمشەو دایکم فریامان کەوت ئەبێ باسی دایکە گەورە « حەوا » مان بۆ بکەی .

مامۆستا : [بەپێکەنینەوە] بە خوا ڕۆڵە ڕاست ئەکەی هەر چەند بێ منەت سەرەی ئەو باسەبوو .

ئەوە بوو وتمان شەیتان سەر پێچی فەرمانی خوای کردو لە بەهەشت دەرکراو سوێندی خوارد کەرێی ڕاست لە ئادەمو نەوەکانی بگرێو سەرگەردانیان بکا . با لێرەدا ئەم باسە بوەستێنین و بگەڕێینەوە بۆسەر باسی ئەوەی کە باوکە ئادەم تەنیایی و بێ کەسی و بێ هاودەمی خەریك بوو بێ تاقەتی بکا ، تا خوا کردی شەوێکیان بەو بێ تاقەتیەوە سەری نایەوەو کاتێ کە ڕۆژی لێ بوەوە سەیر ئەکات ئافرەتێك لەتەنیشتیەوە دانیشتوە ، زۆر

سەرسام بوو ، لێی پرسی : تۆ چیت ؟! ئەویش وتی : من ئافرەتم .. ئادەم وتی .. ناوت چیە ؟ وەڵامی دایەوە : ناوم نازانم .. ئادەم وتی ناوت (حەوا) یە .

بەم شێوەیە خوا هاودەم و هاو سەری ژیانی بۆ باوکە ئادەم گەیاند تا پێکەوە ژیان بەرنە سەرو دڵیان دامەزراو بێ ..

نەسیبە : بابە گیان ، ئایا دایکە حەوا لەچی دروست بووە ؟

مامۆستا : رۆڵە گیان ، ئەوە بوو وتمان کە بەو شێوەیە دایکە حەوا سەر لە بەیانیەك لە تەنیشت باوکە ئادەمەوە سەری هەڵدا .. بەڵام بۆ باسی ئەوەی لەچی دروست بوە ، خوای مەزن ئەوەندە ئەفەرموێ کە ئێمە مەردوممان لەیەك کەس دروست کردووە

هەر لەو کەسەش هاوسەرمان بۆ دروست کرد . (١)
مانای وایە دایکە حەوا لە باو کە ئادەم جیا کراوەتەوەو
لەو دروست بوە ، گرنگ ئەوەیەکە ئەمە دەری ئەخا
ژن و پیاو لەیەك لاشە جیا کراوەنەتەوەو زۆر پێویستیان
بە جووتی و هاوسەری هەیە ..
لە پاشا خوای گەورە فەرمانی کرد کە ئەم
ژن و پیاوە لە بەهەشتدا بژین وە ژیانێکی بەهەشتیانە
بەرنە سەر .. وە چی وە چۆن ئارەزوو ئەکەن
بیکەن .. بە مەرجێك تەنها لەو درەختە نەخۆن
کە بۆی دیاری کردبون . وە ئاگاداری کردن کە
شەیتان دوژمنیانەو پێویستە خۆیانی لێ لابدەن و بە
قسەی هەڵنەخەڵەتێن .. چونکە داخلە دڵەو پاك

(١) « النساء/١ »

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا
زَوْجَهَا

بوونەوەی نیە لە عاشقی ئادەمو ئەوەکانیدا .

بێ گومـان ئادەمو حەوا لەخۆشیو بەختیاریەکی زۆرابوون لە بەهەشتا وە وەك فریشتە بە ژیانێکی بەهەشتیانە ئەژیان .. ئیتر بیریکیان لەوە نەئەکردەوە کە نزیکی ئەو درەختـە قەدەغە لێ کراوە بکەون .

بەڵام شەیتانی داخ لەدڵ ودوژمنیان هەمیشە لەمەلاسدا بوو کە فرسەتیـان لێ بێنێو لەو نازو نیعمەتەیان بکاو هەق دەربەدەری خۆی لێیان بسەنێ .. رۆژێك لێیان نزیك بووەوە لە دیمەنی کەسێکی دڵسۆزا لێیان هاتە پێشو وتی : ئەرێ کاکە ئادەم ناتەوێت درەختێکت پیشان بدەم کە لێی بخۆی ئیتر ئەمر نەبیو موڵکی نەبڕاوەت دەستکەو ئەبێ ؟ باوکە ئادەمیش زۆر سەرسام بوو لەم ئامۆژگاریە دڵسۆزانەیەو لێی پرسی : کامەیە ئەو درەختە ؟ !

ئەویش بە پەلە دەسـتی درێژ کـرد بـۆ ئەو

درەختەی کە خوا قەدەغەی لێ کردبوو .. ئادەم وحەوا وەك لەبانێك بخرێنە خوارەوە ڕاپەڕینو بێری فەرمانی قەدەغە کردنی ئەو درەختەیان کردەوەو زانییان ئەمە شەیتانەو ڕێی خراپیـان پۆدائەنێ .. دەمو دەس ڕایان کردو گوێیان نەدایە ..

پاش ماوەیەکی‌تر لە بەرگێکـی تردا ، وە بە دڵسۆزی وخۆشەویستیەکی زیاترەوە لێیان هاتە پێشو پێی وتن :

بۆیە خـوا ئەو درەختەی لێ قەدەغە کردوون تانەبن بە فریشتەو نەمریشان دەست گیر نەبێو لە خۆشی ئەم بەهەشتەبەرینە بەری بن . ئەم جارەش ڕایان کردەوە لە دەستی وبە گوێیان نەکرد .. ئەویش ناچار ڕای کرد بەدوایاناو سوێندی بۆ خواردن کە مەبەستی پاکەو بۆ خۆشی و بە ڕژەوەندی ئەوانیەتی .

ئادەمو حەوا هەلویستیانو بە سوێندەکەی سارد بونەوە ، چونکە بە لایانەوە سەیر بوو سوێند بەدرۆ بخورێ .

دایکە حەوا ڕوی کردە باوکە ئادەمو بەدوو دڵیەکەوە وتی :

ئەرێ ئەم شەخسە سوێندی خوارد ، تۆ بڵێی درۆبکا ؟! ئادەم وتی :

بە خوا نازانم ، بڵێی ڕاست بکا ؟!

حەوا وتی :

بەڕاستی من بڕوا ناکەم درۆمان لەگەڵا بکا چونکە هیچ بەرژەوەندی ئەوی تیا نیە ..

ئادەم وتی :

ئاخر سوێندی خوارد ، قابیلە سوێند بە درۆوە بخورێ ؟ !

نازانم ، بڵێمچی ؟ بەدەم ئەم قسانەوە پێکەوە

بەرەو درەختەکە کەوتنە ڕێ‌و لەبەروبوومەکەیان خوارد .. شەیتان بۆ یەکەم جار دەستی هێنا بەسەر دڵیاو یەکەم ئاواتی هاتەدی .. کە بە دووچاوی خۆی دی ئادەم ـ کە یەکەم ملۆزمی ئەو بوو ، وە لەسەر ئەو دەربەدەرو لەعنەت بار کراو بێ ئەمری خوای کرد ـ وا بە پیلانی ئەم هەڵخەڵەتاو یەکسەر ـ لەم کاتەدا کە بەرەو درەختەکە نزیک بوبوونەوە ـ لاشەی ئادەم‌و حەوا ڕووت‌بوو وە شوێنە داپۆشراوەکانیان دەرکەوت ، شەرمەساری‌و تەریقی ناوچەوانی ئادەم‌و حەوای داگرت .. حەپەساویەك گرتنی کە نەیان ئەزانی چی‌بکەن‌و بە چ کونێکا خۆیان نوقم بکەن .. دڵ‌و دەرونیان خەجاڵەتی دیوانی خوابوو .. ڕووت وقوتی یەکجار شەرمەساری‌کردن .. ناچار گەڵای درەختەکانیان ئەگرت بەخۆیانەوە تا عەیبەکانیان داپۆشن . ئەم سووچ‌و ئەو سووچی بەهەشتیان ئەکردو ئەیانویست لەبەر چاوی سەرپەرشتیارو

دروست‌کەری خۆیان رابکەن ، بەلام چاریان نەبوو ..

بەھەر لایەکا ئەچوون ھەرمـاواو ماڵی خوابوو . تا بەزەیی‌و رەحم‌و سۆزی خوا شەپۆلی بۆ ھاویھتن‌و بانگی لیٚ کردن :

« ئەوە من ئەو درەختەم لیٚ قەدەغە نەکردن ؟ .. پیٚم نەوتن شەیتان دوژمنیٚکی گەورەیەو وریا بن نەتان خەڵەتیٚنی ؟ . ئەی بۆ ھەڵخەڵەتان‌و بە قسەتان کرد ؟ .. » .

ھاواری پەشیمانی‌و شەرمەزاری‌یان بەرز کردەوەو وتیان :

« خوایە زولممان لە خۆمان کرد بە سەر پیٚچی فەرمانی تۆ ، وە ئەگەر تۆ لیٚمان نەبووری‌و چاوپۆشیمان لیٚ نەکەی ئەوا زەرەرمەندو ماڵ کاولی ھەردوو دنیا ئەبین » .

بەم جۆرە شەیتان توانی بەسەر ئەو ھەموو نازو

نیعمەتەی بەهەشتدا باوە گەورەو دایە گەورەمان هەڵخەڵەتێنێ بەو درەختە بچکۆڵەیە ..

نەسیبە : بابە گیان پرسیارێك ، ئایا ئەم درەختە چی بوو وا بوو بە هۆی سەرگەردانیو تاوانکاری حەزرەتی ئادەم وحەوا ؟!

مامۆستا : بەڕاستی کیژی من ، مەسەلە گرنگی ئەو درەختە نەبوو .. چونکە ئەو درەختە وەك ئەڵێن (گەنم) بووە کە بە درەخت دانانرێ وە ئەبێ پێی بوترێ ڕوەك (نبات) .. بەڵام هەرچی بووبێ شایانی ئەوە نەبوو کە بە سەر ئەو هەموو نازو نیعمەتی بەهەشتەدا دڵیان بۆی لێ بدا .. بەڵام بناغەی شتەکە ئەوەیە کە خوای گەورە ئەو درەختەی بۆیە قەدەغە کرد کە بە کردارو وەك (پەراوە) دەربکەوێ کە دوژمنایەتی شەیتانو بە چکەکانی لە قاڵبو پلەیەکی زۆرو زیادایە ، وە هەروەها ئادەمو

ئەوەکانیشی ناتوانن لە بەردەم پیلانەکانی شەیتاندا خۆیان ڕابگرن ... ئەگەر بە ئیمان و باوەڕی قایم خۆیان چەکدار نەکەن ، وە دەماری گێلیەتی و دڵ فەقیری لە خۆیانا نەمرێنن .. وە هیچ کات نابێ لە شەیتان و پیلانەکانی ئەمین بن ..

فاطمەخان : بەڕاستی گۆشەی ئەم شەومان چەند دەرسێکی گرنگ و باسێکی سامناکی هێنایەوە بیرمان ..

مامۆستا : ڕاستە ئێمە لەم گۆشەیەدا دەرسی وریا بوونەوە وحساب کردنی دۆست و دوژمن فێر ئەبین ، فێری ئەوە ئەبین کە مرۆڤ ـ هەر لە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ ـ قابیلی هەڵەو تێکەوتن و خەتایە ، بەهۆی ئەو پیلان و داوە ئاسنینانەی شەیتانی دوژمنمانەوە . بەڵام خۆش ئەوەیە کە بە ئاگری ئیمان و باوەڕی خوایی ئەو داوو زنجیرانە بتوێنینەوەو لەو تاوان و خراپانە پەشیمان بینەوە .. چونکە قاپی

لێخۆش بوونو چاوپۆشی خوا هەمیشەلە سەر پشتەو خوا زۆر حەز بە پەشیمان بوونەوەی بەندەکانی ئەکا .

فەرموودەیەکی جوانی زانایانی ئیسلامیش هەیە کە دڵی ئێمەی تاوانبار وکەم دەرامەت خۆش ئەکا :

« بگرە گوناهو خراپەیەك کە شەرمەساریو کزی بەردەم قاپی خوا بە خاوەنەکەی ببەخشێ باشترە لای خوا لە پەرستشو بەندایەتیەك کە سەرکەشیو فیز بە خاوەنەکەی ببەخشێ » .

ئەوەتە ئادەمو حەوا تا ئەو گوناهەیان نەکرد دەستی پاڕانەوەو نزایان بەرزنەکردەوە ..

حەمزە : بە ڕاستی بابە گیان زۆر جوانە ؛ خوا تۆمان بۆ بهێڵێ تا بەم دەرسە جوانانە کەرمان کەیتەوەو لە سەرماو سۆڵەی ڕۆژگاری کەچ ڕەو ڕزگارمان بێ ..

ئوسامە : بابە گیان ئەم دەرسەمان زۆر خۆش بوو ،

بەڵام دڵی من شتێکی تیایەو ماخۆلانیەتیو ئەیەوێ تەکەرە بخاتە باوەڕمەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئایا خوای پەروەردگار - بە قوربانی ناوی بم - بۆچی ئەم ملۆزمەی بۆ باوکە ئادەمو ئێمەی قوڕ بە سەر ڕاست کردوەو بۆچی مۆڵەتی شەیتانیدا کە بمێنێتەوە تا ئەم دەورە پڕ لە تاوانە ببینێ ؟!!

مامۆستا : بە خوا ئوسامە گیان پرسیارەکەت زۆری

ترساندوم ، چونکە ئەترسم بێ ئەدەبی بێ بۆ ئێمەی هیچ نەزانو بەندە کە قسە لە ئیشی خوادا بکەینو وتەی [بۆچی ؟] بەکار بێنین ، چونکە ئەوە بڵێین ئەبێ بڵێین زەویو ئاسمانو مرۆڤو گیانلەبەران بۆچی دروستبوون .. ؟ بەڵام نا ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : «لا يُسْأَلُ عما يَفْعَلُ وهم يُسْألون »(١) .

(١) واتە : پرسیار لە خوا ناکرێ ، لەوەی کە ئەیکا بەڵکو ئەو پرسیار لە دروست کراوەکانی ئەکا ..

بەلام تۆ - إن شاء الله - مەبەستت بۆ ئەدەبی ئیەو نیازت وەرگرتنی پەندو حیکمەتی ئیشەکەیە ..

بۆ وەلامی ئەمە ئەلێم بەڕاستی وەك پێشینان وتویانە :

« بوار قاچو قولی ڕەش و سپی دەرئەخا » ، ئەگەر شەیتان نەبوایە پاکو پیسی ئەم خەلکە نەئەکرا ...

هەروەهـا خوای عالەمیـان خواهیشی وابوە کە ئەم ئەستێرەیە (واتەزەوی) بەڕێز ڕابگرێو ئاوەدانی بکاتەوە . جا ئەگەر ئەو تەگبیرە خواکردە نەبوایە ... باوکە ئادەمو دایکە حەوا لە بەهەشـت دەر نەئەچوون ، وە مرۆڤ لە هونەری خۆ پاراستن لە دوژمن ناحالی ئەبوو .. کەواتە : ئەوەندەمان بەسە کە خوای پەروەردگار بە نەخشەو ڕەنگ ڕێژی ئیشەکانی خۆی بوونی ئەو ملۆزمەی بە پێویسـت زانیوە .. تا سزاو پاداشت ببێو چاکو خراپ جیا بکرێتەوە .. جگە لەوەش کە خـوای گەورە نە

بەپەرستن گەورەیی زیاد ئەکا وە نە بە سەرپێچی لە گەورەییەکەی کەم ئەکات، بەڵکو باکی لە هیچ نیەو تەنها میهرەبانیو رەحمی فراوانی خۆیەتی کە پێغەمبەران ئەنێریو رێگەی راست بۆ مەردوم دیاری ئەکا .. شەیتانیش دوای ئەوەی کە لەبەهەشت دەرکرا بە هۆی فیزەوە، ئیتر لە ریزی فریشتەکانا نەما، ئەم پیشەیەی گرتە دەست، لە ئەنجامیشدا هەر پەشیمان ئەبێتەوە وبە بەچکەو شاگردو شوێن کەوتوەکانی ئەڵێ : خوا بەڵێنی راستی ئەدانیو من بەڵێنی درۆ، کەچی بڕواتان بە من ئەکردو منیش نەم توانی بەڵێنەکەم بەرمەسەر . خۆ من هیچ دەسەلاتێکم بەسەرتانا نەبوو جگە لەوە نەبێ کە رێگەی خراپەم بۆ دیاری ئەکردنو ئێوەش پیایدا

ئەچوون وەبە گوێتان ئەکردم (١) .

وە لە دادپەروەری پەروەردگارەوە دوور نیە کە ئەم مۆڵەت دانو داوا بەجێهێنانەی شەیتان لە پاداشتی ئەوەدا بێ کە شەیتانیش تا ئەو کاتە خواپەرستو بەجێهێنەری فەرمانەکانی خوابووە .

بێگومانیش بێ کە ئێمەی بەندە هەرگیز چاومان

---

(١) لە سورەتی [إبراهيم]

وَقَالَ الشَّيْطَانُ

لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ

وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي

فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ

حوکمی ئەوەی نیە کە بە تەواوی نهێنی ئیشەکانی
خوا ببینێ ، بەڵکو تەنها دەستنیشان کردنێکی دوور
بە دووری یەو بەس ...

ئیتر درەنگە با بیکەین بە شەو ، ئەمشەو ، تا
سبەی شەو خوا یاربێ لەئەنجامی سەرپێچیە کەی
ئادەمو حەوا ئاگادارئەبین ..

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا

جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ

وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ۝ ٣٨ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ

أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ٣٩

[البقرة]

بسم الله الرحمن الرحيم

۝ قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا

بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا

يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ۝

[طه]

[مالی مامۆستـا رەحیم ئەمشەو بە کۆمەڵ لە دەوری زۆپاکەیان کۆبوونەتەوەو چاوەڕێی مامۆستا رەحیم ئەکەن که لە نوێژو پاڕانەوەکەی بێتەوە وکۆرە چیرۆك خـوانیەکەی گەرم بکا .. زۆری پێ نەچوو هەستاو بەرماڵەکەی قەدکردو خێزان لەبەری هەڵسانو جێیان کردەوە لە نێوان خۆیانداو هەموو دانیشتنو مامۆستا هاتە گفت :]

مامۆستـا : دوێ شەو گەیشتینە ئەوەی که شەیتان توانی داخی دڵی خۆی بڕێژێو مۆری بێ گوێیی و سەر پێچی فەرمانی خوا بنێ بەناو چەوانی ئادەمو حەوادا ، جا که کەتنەکەی پێ کردنو تاوانەکەیان کرد ئینجا هەستو هۆشیان کەوتە جۆشو هەستیان بە

تاڵی خەتاباری کردو کەوتنە پاڕانەوەو داوای لێخۆش بوون .

بێ گومان خواوەندی میهرەبان لە بەندەی خەتاباروپەشیمان خۆش ئەبێ .. بۆیە مژدەی لێخۆش بوونی دانێ .. بەڵام ئاگاداری کردن کە تازە مانەوەیان لە بەهەشتدا نابێو ژیانی بەهەشتیانەیان تەواو بوو ، وە ئەبێ بچنە سەر زەوی وە دەست بکەنە ژیانی مرۆڤانەو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بژین .. بەڵام ئەگەر پەیڕەوی تەگبیرو پەیامی خوا بکەن : ئەوا گوزەرانێکی خۆش وپاشەڕۆژێکی باشیان ئەبێ وە هەرگیز سەرگەردان نابنو دیسانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ بەهەشت ..

ئابەو جۆرە ئادەمو حەوا لە بەهەشت دەرکرانو دەستیان دایە ژیانی مرۆڤانە لەسەر ئەم زەویەدا ...

نەسیبە : ئەرێ بابە شەیتان دەوری دیار نیە دوای

کەتنەکەی ؟!

مامۆستا : شەیتان ئاواتی خۆی هێنایە دی بەوەی ئادەمو حەوای هەڵخەڵەتان .. ئیتر پاڵی لێ دایەوەو سەیری ڕەنجەڕۆیی و گیرۆدەیی و شەرمەسـاری ئادەمو حـەوای ئەکرد .. ئیتر دەرەقەتی ئەوان نەئەهـات چونکە تازە تامی تاڵاوی هەڵخەڵەتاندنو پیلانەکانیان کرد بوو .. بۆیە ئیـتر کەوتە تەنینی داوو زنجیری هەڵفریودان بۆ نەوەکانی ئادەم ..

ئوسـامە : بابە گیان ، داخـۆ ئەو بەهەشتە کام بەهەشتە بووبێ ؟ ئەوەیە کە لە پاداشتا خوا ئەیبەخشێ بە موسلمانان یان یەکێکی تربووە ؟!

مامۆسـتا : ڕاستیەکەی هێشتا بۆ کەس سـاغ نەبۆتەوە کە ئەو بەهەشتە کامەیەو لەکوێیە .. چونکە لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەردا - ﷺ - باس نەکراوە ، وە زاناکانیش بۆیان ساغ نەبۆتەوە ،

CamScanner

بەڵام چەند ڕایەك هەیە لەم بارەیەوە :

هەندێك ئەڵێن : ئەو بەهەشتە ئەوەیە كە بۆ موسلمانان ئامادەكراوە .

هەندێك ئەڵێن : ئەو بەهەشـتە بەهەشتێكی جیاوازە .

هەندێك ئەڵێن : باخچەیەك بووە لە زەویدا ، وە هەروەها هەندێكیش لێی بێدەنگ بوون ....

بەڵام بەلای منەوە : گرنگ نیە لە كوێ بووە .. بەڵكو گرنگ ئەوەیە كە ئادەم و حـەوا ژیانێكی بەهەشتیانەیان ئەبردە سەر ؛ هیچ جۆرە زەحمەت و تەگەرەیەك ڕووی تێ نەئەكردن .. بەڵام لە ئەنجامی ئەو خەتایەدا لەو ژیانە بەری كران وە خرانە ناو ژیانێكی زەمینیـانەوە .. واتە مرۆڤانە دەژیان و دەمردن و زەحمەت و ماندوبوون و گیرو گرفتیان هەبوو .. جگە لەوەی كە بەرپرسیاری لای خوا ئەبن

CamScanner

لە بەرانبەر کردەوەکانیاندا ..

حەمزە : ئەم ڕوون کردنەوە زۆر جوان بوو وەڕاکەی

تۆش زۆر ئەگونجێ لەگەڵ بناغەی باسەکەو بێ

دەنگیەکەی ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر - ﷺ -

لێیەوە هەروەك شتێکی نموونەیی بێو بەس بەڵام

منیش شتێکم لاسەیرە کە : ئایا باوکە ئادەم ئەگەر

پێغەمبەر بووە ، چۆن خەتای کردوەو لە فەرمانی خوا

دەرچووە .... ؟ ! !

مامۆستا : پرسیارێکی جوانە ؛ ئاشکرایە کە

پێغەمبەران خەتایان نەکردووە .. کەواتە بۆچی باوکە

ئادەم ئەوبێ ئەمریەی کرد ؟ !

پێشەکی : لەقورئانی پیرۆزدا پێغەمبەریەتی

بۆ باوکە ئادەم باس نەکراوە . ئەوەندە هەیە کە بە

پێی ئەوەی - وەحی - بۆ هاتووەو خواوەند ڕاستەوخۆ

فەرمانی بۆ ڕەوانە کردوە ؛ مانای وایە ئیشەکەی

پێغەمبەرانە بووە .. چونکە ئەگەر ئەو بە پێغەمبەر نەژمێرین ؛ ئەبێ پێغەمبەرێکی بۆ بڕیار بـدەین . ئەوەندە هـەیە کەوا دیارە تەنها پێغەمبەری ماڵی خۆی بووە ، واتە (نَبِي) بووە نەك (مُـرسَـل) ..

بەڵام بۆ وەڵامی ئەوەی کە پێغەمبەر چۆن لە فەرمانی خوا دەرئەچێ ؟ چەند شتێك هەیە ، بەڵام هیچیان وەك ئەمە ناچێ بە دڵمەوە ؛ کە حسابی پێغەمبەریەتی ئادەم جیاواز بووە ؛ وە حســابی خەتاکەی و دەرکردنەکەشی لە بەهەشت هەر جیاواز بوو ؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە قورئانی پیرۆز بە ئاشـکرا دان نانێ بە پێغەمبەرایەتیەکەیدا .. چونکە لە ڕاستی دا مۆڵەت دان و بەرەڵا کردنی شەیتان ودروست بوونی لاشەیی و هەست و هۆش و فام و ژیری ئادەم و قەدەغە کردنی درەختێك بە دیاریەوە ، گشت نەخشەیەکی تایبەتی و جیاوازی خوایی بووە .. بۆ ئەوەی کە

نەوەکانی ئادەم بەو - پەراوە - یە حالی ببن کە شەیتان ئەوەندە دوژمنێکی بە کارو لێ هاتووەو مرۆڤیش ئەوەنـدە سستەو لاوازو بێ وزەیە ئەگەر فەرمـانو پەیامی خـوای لە بیربچێتەوە . وە مادام شەیتان لە مەلاسدا بوو وەك دوژمنی خوێنە خۆری ئەبوایە یەکەم مرۆڤ یەکەم چەپۆکی شەیتانی بەر بکەوتایە : جا با ئەو مرۆڤەش پێغەمبەر بووبێ ... تا نەوەکانی ئادەم بە چاکی خۆیان لە شەقی شەیتان لا بدەنو بەزنجـیری باوەڕی قایمی خواییو شوێنکەوتنی پەیامەکانی خوا دەستو قاچەکەی پێوەند بکەن .

لە لایەکی ترەوە لە بەر ئەوەی کە ئادەم نمونەی مرۆڤەو هەموو خاسیەتێکی مرۆڤي تیایە ، لە چاکەو لە خراپە ، لە ئازایەتیو خۆکرتن وە لە بێدەسەلاتی وبەزاندن ، وە لەبەر ئەوەیش کە ئادەم نموونەی

مرۆڤێکی خواناسـە ، لەبەر ئەوە گرنگ نیە تاوان بکا ، چـونکە تاوان کردن وە یا لەبیر چـوونەوەو خەڵەتان پیشەی هەموو ئادەمیەکە . دیسـانەوە گەڕانەوەو دان نانیش بە تاوانی خۆیا هەر پیشەی مرۆڤی خواناسە .

کاتێ کە ئادەم تاوانی کـرد ـ واتە خـەڵەتاو فەرمانی شکاند ـ لەو کاتەدا ئەو نەنێررابوو بۆ سەر هیچ کەسێك ، واتە سەرکردایەتی ئایینی خوای بە دەستەوە نەبوو تا بە تاوان کردن خوا لێی بگرێ و لێی خۆش نەبێ ..

جالێرەدا خوا ئەیەوێ ئەو نەخشەیەی کە خۆی کێشاویەتی بێتە دی ، ئەگەر ئادەم تاوانی نەکردایە چۆن ژیانی سەرزەوی دەسق پێ ئەکرد ؟

بەڵام واچاکە هەمووی بدەینەوە دەسـت خوا چونکە خـۆی نیـازی وایەو نەخشەکەی واپێویست

ئەکات .. وە کەبەندە ڕوو لە خوابێ ، خوا هەر لێی خۆش ئەبێو لێی نارەنجێ .. جا حەمزە کیان من ئەمەندەی لێ ئەزانم ، وە خواش ئاگادارو زاناترە ..

با بێینەوە سەر باسەکە ؛ ئەوە بوو وتمان ئادەمو حەوا لە بەهەشت دەرکران ، یەك دوو ڕۆژ سکیان گوشی لە برسانا ، سەیر ئەکەن دانیشتن بێ کەڵکە وئەبێ بجووڵێن لەو زەویە وشـكو ڕەقەدا ناچارن ڕزقو ڕۆزی پەیدا بکەن ؛ لە گەرماو سەرما خۆیان بپارێزن . ڕۆژ تا ئێوارە بە جووتە ئەگەڕان بە دوای بەرو بوومی درەختا بۆ خواردەمەنی ، بە دوای ڕۆزیو تفاقێك بۆ سکیان .. بە دوای دارو پەردوی ئاگردا ...

بەم شێوەیە گیرۆدەی ژیانی سەر زەوی بوونو دەستیان دایە ژێر بار خستنی ئەو شتانەی کە ئەکەونە بەردەستیان .. پاش ماوەیەك دایکە حەوا

ـەکی پڕ بوو وە نزیکی نەخۆشی منداڵ بوونی بووبەو بۆنەیەوە ئیش وکاری دەرەوە گشت کەوتە سەر شانی ئادەم ..

تا ئێرە ئەم شەو بەسە تا سبەی شەو بە خواتان ئەسپێرم ...

بسم الله الرحمن الرحيم

← ﴿٢٦﴾ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا
قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْءَاخَرِ

[المائدة]

* * *

[کوڕە چیرۆک خوانیەکەی ماڵی مامۆستا ڕەحیم خەریکی کەرم بوونە ، خێزانیش گشت ئامادەن .
مامۆستا دەستی پێ کرد] .

مامۆستا : دوێ شەو وتمان ژیانی ئادەم و حەوا لە فریشتەیی دەرچـــوو گـۆڕا بۆ ژیانی مرۆڤانە .. هەستیان کرد بە برسیەتی و تینوێتی و تێری و سەرما و گەرما .. زکو زا کەوتە ناوەوە ، دایکە حەوا سکێکی دوانەی بوو ـ کوڕو کچێك ـ بۆ ساڵی داهاتویش هەمان شێوە کچ و کوڕێکی تری بوو .. دوو کوڕەکە ناویان « قابیل » و « هابیل » بوو .. خێزانی ئادەم زۆر بوو .. وە هەریەکەیان فرمانێکیان بۆ دیاری کرابوو ، کوڕەکان یارمەتی ئیش و کاری باوکیان ئەداو کچەکانیش

ورده ئیشیان ئەکردو یارمەتی دایکیان ئەدا ...

بەلام ئەوەی شایانی باسە « قابیل » زەلامێکی زۆر دڵ ڕەقو ڕەزیلو خۆپەرست بوو .. بۆیە باوکی زەوی کێلانو دەغڵو دان چاندنی دابووە دەست ، چونکە تەنها مەگەر زەوی پێویستی بە دڵ نەرمیو بەزەیی نەبێ ..

بەلام « هابیل » کوڕێکی زۆر بە فامو دڵ نەرمو ژیر بوو هەمیشە حەزی لە گوێ ڕایەڵی دایكو باوکی ئەکرد ... وە ئامانجی ڕەزامەندی خوابوو .. بۆیە باوکی شوانیەتی مەڕو مالاتی دابووە دەست ، چونکە شوانیەتی بێ زمانو گیان لەبەران ؛ زۆر پێویستی بە ڕەحمو سۆزو دڵ نەرمی هەیە .. وە باوکیشیان ڕاوی گرتبووە دەست .. لە گەڵ ئاسۆی بەرەبەیاندا هەر سێ پیاوەکە بەرەو ئیشەکەیان دەرئەچوون ، دایکە حەواش لە ئەشکەوتەکەدا ئەمـایەوەو سەرپەرشتی

ئیش و کاری ماڵەوەی ئەکردو کچەکانی ئەخستە فرمان وخۆیشی وردیلەکانی بەخێو ئەکرد ، کە ئێوارە ئەهات هەر سێکیان بە دەستەکەوتەکانیانەوە ئەگەڕانەوە ، باوکە ئادەم بەنێچیری ڕاوەوەو قابیل بە بەرو بوومی کشتوکاڵەوەو ، هابیـل بەشـیری ماڵاتەکەیەوە ..

ئێستا کێشەیەك بەرۆکی ئادەم و حەوای گرتوە(١) کـوڕو کچی عازەبیان هەیە .. ئایا بە چ جۆر ئارەزووی جوتیەتی و جنسی » بێتەدی لە ناویانا ... چۆن ژنو مێردیيان ڕێك بخەن .

تاخـوای گەورە ئاگاداری کردن کە تەگبیریان ئەوەیە : ئەو کچەی کە لەگەڵ قابیل لە دایك بووە ،

---

(١) سەیری (مجلده ص ٣١٠) کتێبی (ارشاد الساری في شرح البخاری للعلامة ابن حجر القسطلاني) بکە .

بدرێ بە هابیل ، وە ئەو کچەی کە لەگەڵ هابیل لە دایك بووە بدرێ بە قابیل ... ئەمە باشترین بەگیرو چارەسەر بوو بۆ ئەم کێشەیە ....

بێ گومان باوکە ئادەم نایەوێ جارێکی تر لە فەرمانی خوا دەرچێ ، بۆیە فەرمانەکەی خوای بە کوڕو کچەکانی گەیاند ..

بێ گومان هابیل گوێ ڕایەڵەو بە بەشی خوا ڕازیە . بەڵام قابیل لەمەیشدا هەر دڵ ڕەقو سەر کەش وەکـەو ئەڵێ : ئەبێ هەر یەکەمان خوشکەکەی خۆمان مارە بکەین ...

باوکیان داماو دووچار بوو چی بکا لەم کوڕە بێ مێشکە کەللە ڕەقەی .. خۆ کوڕێکی وا نیە بە ئامۆژگاری بسەلمێ .. تا خواوەند لەمەشدا تەگبیری بۆ کردن ، فەرموی : با هەریەکەیان خێرو قوربانیەك لە بەرهەمی ئیشەکەیان ، بیبەنە سەر شوێنێکی بەرز .

جا خێرو قوربانی هەرکامیان وەرگیرا ئەوە بە قسەی ئەو ئەکرێ ..

هابیلی ژیرو تێگەیشتوو بە کەیف و خۆشیەوە چوو بۆ ناو مەڕو ماڵاتەکەو چاکترین حەیوانی هەڵبژاردو هێنای ..

بەڵام قابیلی بێ مێشك بە هەزار دڵ ـ تەنگی و زەحمەتەوە چووە ناو کێڵگەکەی وکەڕا چ ـ بەرهەمێکی خراپ و ڕزیو بوو هێنای ..

هەردووکیان خێرەکەیان بردە سەر لوتکەی شاخێك وبەجێیان هێشت .. بۆ سبەینێ هاتنەوە سەر شاخەکە سەیر ئەکەن خێرەکەی قابیل لەجێی خۆیەتی بەڵام خێرەکەی هابیل نەماوە . بەمەدا زانیان کە خێرەکەی هابیل وەرگیراوەو قبول بووە وە ئەوگرەوی بردووەتەوە کە قسەکەی ئەو لە سەر فەرمانەکەی خوابوو .. چونکە ئەو سەردەمە بەوەدا

ئەیان زانی کە خێرەکە قبوول کراوە کە ئەئەما لە جێگەکەی خۆی ...

بێ گومان بەمە ڕقە کەورەی قابیلی دڵ ڕەقو ڕەزیل ودڵ پیس جوڵاو بڕیاری سەر خواردنی هابیلی برای دا ..

ئەمەئەدە ئەمشەو بەسە بۆ سبەی شەو - خوایار بێ - بەسەرهاتی کوشتنی هابیلی بێ تاوانتان بۆ ئەگێڕمەوە.

* * *

CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ
إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا
بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّي
أُرِيدُ أَن تَبُوأَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ
الظَّالِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ
الْخَاسِرِينَ ﴿٣٠﴾ فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ
يُوَارِي سَوْءَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا
الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ ﴿٣١﴾

[المائدة]

CS CamScanner

[ئوسامەو حەمزەو ئەسیبە بەگران ئەو ڕۆژەیان لێ ڕابورد لە تاو پەلەو مەراقی کۆرە چیرۆك خوانیەکەی باوکیان .. مامۆستاش مێشێ میوانی نیەو بە شێنەیی و ئەدەب وئارامەکەی خۆیەوە نوێژەکەی خەوتنانی کردو سەر شانۆکەی گرتەوەو بانگی فاطمە خانیان کردەوە ومامۆستا دەستی بە چیرۆك کردەوە] .

مامۆستا : دوێ شەو ئەوە بوو گەیشتینە ئەوەی کە

خێرەکەی قابیل وەرنەگیرا ، چونکە بە دەستو دڵێکی ساردو ناپاکانەوە کردبوی وە لەسەرەتا شەوە هەر کێچەڵی ئەکێراو ناحەقی لە براکەی ئەکرد ..
قابیل بە یەکجار بووە پارچەیەك لە ڕقو کینەو

دڵ پیسی‌و بەغیلی‌و ڕووی کردە هابیلی برای‌و پێی وت : ئەبێ بتکوژم . !!

هابیلی خوا ناسیش وتی : بۆچ ئەمکوژی ؟ !! خواخێـرو قوربانی لە مرۆڤی لە خواترس‌و دڵپـاك قبـوڵ ئەکا . وە ئەوەش بزانە ئەگەر دەسـتم بۆ درێژ بکەی‌و بمکوژی : من دەستت بۆ درێژ ناکەم‌و ناتکوژم ، چونکە من لە خوای عالەم ئەترسم .. من ئەمـەوێ گوناهی تۆ نەیەتە کۆڵی من ، بەڵکو ئەمەوێ گوناهی منیش‌و گوناهەکانی تریشت لەسەرت کەڵەکە بێ‌و بۆ دۆزەخت بەرن . چونکە بە ڕاستی ئەم دڵ ڕەقـی وتاوان وزۆرداریەی تۆ سـزای هەردۆزەخە ..

هابیل بڕیاریدا کە ئامادەیە قابیل بیـکوژێ بەڵام ئەم ئامادە نیە قابیـل بکوژێ .. چونکە ئەیویست لە نامەی کردەوەکانی دا خراپە نەنوسرێ .

بەڵام قابیل هەروەك پەیمانی دابێ بە شەیتان کە نۆکەری هەمیشەیی بکا نەیئەتوانی لەوتاوانە گەورەیە پەشیمان بێتەوە . بۆیە دەستی تاوان و زۆرداری بۆ برا بێ تاوانەکەی درێژکردو کوشتی ..

ئەبێ ئەم قابیلە دڵرەقە خاوەنی چ ناپاکیو کەللە ڕەقیەکی بێ ئەندازە بووبێ کە توانی بۆ یەکەم جار کوشتن دابهێنێ .. وە نەخشە تاریكو ڕەشەکەی بهێڵێتەوە بۆ پیاو کوژەکانی دوای خۆی ..

بەڵێ هابیلی کوشت ، وە گیانی پاکی بەرەو بەهەشت کەوتە ڕێ ؛ بەڵام قابیل مایەوە لە ژێر باری گوناهو تاوانا .. بە دیار تەرمی براکەیەوە .. بە دیار خوێنی گەشی ڕژاوی بێ تاوانیەوە .. دەماری چاکەو پیاوەتی هاتە لەرزە .. چی کرد .. ؟! بۆچی وای کرد .. ؟ ! تەگبیری چیە ؟ ! ئەم لاشەیە چی لێ بکا ؟ خۆ تازە لەکیس چوو و زیندوو نابێتەوە ...

نەیئەزانی چی کردو چی بکا ؟ سەرکەردانو وێڵ وێڵ ئەسووڕایەوە بە دوای چارەسەردا .. تا خوای میهرەبان لێرەشدا فریای بنەماڵەی باوکە ئادەم کەوت ، قەلەڕەشێکی نارد بۆ ئەوەی فێری ناشتنی براکەی بکات .. قەلە ڕەشەکە بە دەنوك چاڵێکی هەڵکەندو قەلەڕە شێکی مردوی هێناو خستیە ناو چاڵەکەوە وخاکی دا بەسەردا - لەم کاتەشدا قابیل سەیری ئەکرد - کە چاوی بەمە کەوت : هۆشێکی کردەوەو دەستی کرد بە چاڵ هەڵکەندنو براکەی خستە ناوی‌و خاکی دا بەسەردا - بەم جۆرە قابیل ناوی پیاو کوشتنی ڕشت ، وە بووە سەرمەشق بۆ ئەوانەی کەدەستیان ئەچێتە ڕشتنی خوێنی بێ تاوانەکان ئەوانەی کە سەرکەوتن ئەیان خەڵەتێنێ وە دەسەڵاتی خوای مەزنیان لەیاد ئەچێ‌و بەدڕەفتاری ئەکەن ..

حەمزە : بابەکیان پرسیارێکم لە دڵایە ؛ ئایا بۆچی

دەستی شەیتان لەم تاوانەی « قابیل » دا ـ بەڵکو لە گشت تاوانێکی تردا ـ دیار نیە ؟! بە مەرجێك ئێمە ئەڵێین : شەیتانە خراپەمان پێ ئەکات ؟ .

مامۆستا : ڕەنگە مەبەستت ئەوە بێ کە بۆچی بەئاشکراوە لە شێوەی زەلامێکدا شەیتان لە خراپەکاندا دەرناکەوێت .. ؟ هەروەك لە مەسەلەکەی باوە ئادەمدا ئاشکرایە .. ؟! ئەم باسەمان جارێك کرد ، بۆ وەڵامی ئەمە ئەبێ بزانین کە شەیتان جنۆکەیەکی خوا یاخی بووە وە ئیش و تاواتی شێواندن و گومڕا کردنی مرۆڤە ... ئیتر مەرج نیە لە قالبی زەلامێکدا خۆی پیشان دات .. چونکە ئەو هێزێکی نەبینراوو دەسەڵات دارەو سەرۆکی دەوڵەتی خراپەو تاوانە .. وە هەمیشە گشت جۆکەلەو زەلکاوێکی خراپە کاری لەسەر چاوەو کانیاوی شەیتانەوە هەڵ ئەکرێت .. وە هەموو چاکەو دڵ پاکی و خێر خواهیەك لەخواوەیە ..

ئەوەتە هابیل کە سەر بە چاکەو خواناس بوو : ئەوەندە پاکو مەردو بێوەی بوو . وە قابیل کە سەر بە خراپەو شەیتان دۆست بوو : ئەوەندە دڵ ڕەقو تاوانبار بوو ، خۆ ئەگەر ئەم دوژمنە تاوانبارە بە ئاشکرا بمان بینیایە ، ئەو کاتە ئەمان توانی لە پیلانەکانی بە ئاشکرا خۆمان بپارێزین ؛ وە ئەم شاراوەییەشی وا لە مرۆڤی هۆشمەند ئەکا کە هیچ کات لێی غافڵ نەبێ ، چونکە ئەو هەمیشە لەسەنگەری دوژمنایەتیو پیلان گێڕاندایە(١) بۆمان .

ئەسیبە : بابە ئەوە بۆ ڕاستەوخۆ فەرمانی خوا نەهاتە خوارەوە بۆ قابیل کە فێری چۆنیەتی ناشتنی براکەی بکات ؟!

---

(١) « إنَّ الشَّيطانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا » .

« فاطر / ٦ »

مامۆستا : ڕۆڵە گیان هەڵبەت لەبەر ئەوە بووە کە قابیل شایانی ئەوە نەبووە کە خوا پەیوەندی پێوە بکا .. وە لەبەر خاتری لاشەکەی هابیل کە ئەبوایە بشاردرێ و دفن بکرایە قەلەڕەشی نارد کە مامۆستایەتی قابیل بکاو فێری ناشتنی براکەی بکا ... بەمەدا دەر ئەکەوێ کە ئەگەر ئادەمیزاد لەرێی خوا لای داو سەر بەخراپە بوو ئەوە نەك لەچوارپێیەکەی ئەکەوێ ، بەڵکو قەلەڕەشەیەك لەوبەر ژیرتر ئەبێ و شایان تر ئەبێ کە خوا پەیوەندی لەگەڵ بکاو بیکا بەمامۆستای ئەو ..

تا ئێرە بەسە لەبەسەرهاتی قابیل وهابیلیش .. وە ئەوەی لەقورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا - ﷺ - باس کرابێ لەسەر گوزەشتەی باوە ئادەم و دایە حەوا ئەمەندە بەسە ، سەبەی شەو - خوا یار بێ - لەسەروە و بەهرەی ئەم چیرۆکەمان ئەدوێین ...

بسم الله الرحمن الرحيم

لَقَدْ كَانَ فِى قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾

« يوسف »

[کوڕ کەرەمەو مامۆستا ڕەحیم لە جاران ئامادەتر لێی هاتوەتە پێش‌و قسە ئەکا] .

مامۆستا : لەبەر ئەوەی قورئان دەستووری ژیانەو یاساو پرۆگرامی میللەتی ئیسلامە گشت ڕێگەیەکی گرتووە بۆ ڕێنموویی‌و بەختەوەری موسڵمانان‌و چەکدار کردنیان بە چاکترین‌و گونجاوترین چەک‌و کەرەسەی پێشەوایەتی گرۆهی مرۆڤ .. وەئەم چەند دێڕەی ئێمە ئەم چەند شەوە کە لەسایەیدا ژیاین ؛ چەند پەندو دەرسێکمان دائەدات کە مەگەر تەنها لەقورئان بێت مامۆستایی ئاوەها بکات : وە حەز ئەکەم ئێوەش یارمەتیم بدەن لە کولچنی پەندو دەرسەکاندا .

فەرموو ئوسامە گیان ...

ئوسامه : یەکەم دەرسیان بەلای منەوە ئەوەیە : کە

ئەبینین خوای پەروەردگار چ بەرزیو ڕێزو قەدرێك بۆ ئادەمو ئادەمیزاد بڕیار ئـــەدا (١) وە ئەیکاتە خەلیفەو جانیشتەی خۆی .. وە چۆن ئەو فریشتانەی کە هەمیشە فەرمانبەری ئەکەن فەرمانیان پێ ئەدا کە کڕنوش بەرن بۆ ئادەم (٢) کە لەمەوە شەرمەندەیی و منەت باری ئادەمیزاد لەعاستی خواوەندی میهرەباندا دەرئەکەوێ ... وە هەروەها بەرزیو بڵندی پایەی ئادەمیزاد ئاشکرا ئەبێ .. وە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە

---

(١) وەك ئەفەرموێ : « وإذ قـالَ ربك للملائـِكةِ إني جاعل في الأرض خليفة » . «البقرة»

وەهەم ئەفەرموێ : «ولقد كرمنا بنى آدم ...» (الاسراء / ٧٠)

(٢) « ثم قلنـا للملائـِكةِ اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبلـِيس » (الاعراف / ١١)

که خوای پەروەردگار ئادەمیزادی بۆ کارگوزاری و هەڵسوڕاندنی ئیش وکاری جێگەداری خۆی و سەرداریەتی ئەم جیهانەی دروست کردووە .

جانەوانەی ئەیانەوێ پەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەو خواوەندە میهرەبانە بپچڕێنن و مرۆڤەکان بێ خوابکەن ؛ تەنها مەبەستیان ژێر چەپۆک خستن و بەخسیر کردنیانە .. چونکە ئەو مرۆڤەی کە هەست بە بەرزی پلەی خۆی بکا وخوای خۆی بە ڕاستی بناسێ ؛ هەرگیز سەر بۆ ئەو باوە قوورەتە ناپیاوانە شۆڕ ناکاو هەمیشە کوتەکی لە ئاوایە بۆ فەلاقەیان .

مامۆستا : زۆر جوانە یەکەم دەرسمان با باسی بەرزی و بلندی پلەی ئادەمیزاد بێ لای خوای پەروەردگار ...

بەڵێ مرۆڤ لە لاشەو گیان - جسم وروح - دروست بووە . لاشەکەی لە گڵ دروست بووە ،

بەلاَم گیانەکەی لەخواوە پێی بەخشراوە(۱) کەواتە کەورەیی و بڵندی ئادەمیزاد لەوەوەیە کە گیان و رۆحەکەی لەخواوە پێ بەخشراوەو لە قاپلۆخی لاشە قورەکەیدا هەڵئەسوڕێ وتواناو هێزی خەلیفەیەتی خواو سەرداریەتی جیهانی پێ ئەبەخشێ.. بە مەرجێك کە ئەو گیانە نەمرێنرێ و بەندی نەکا لە دوو تۆی خراپەو تاوانباریدا .. ئەوەش بە پەیرەوی ئەو بەرنامەیەی کە خوا ناردوویەتی بۆ ئادەمیزاد . کە بەرنامەی محمدی پێغەمبەرمان ـ ﷺ ـ دوا پەیام و بەرنامەی تەواویانە .. جا ئەو کەسانەی کە قەدری

---

(۱) لە سورەتی « الحجر » دا ﷻ ئەفەرموێ :

﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾﴾ ﴿٢٧﴾

ئەو گیانەیان زانیوەو بەتاوان کردن دڵو گیانەکانیان ڕەش نەکردوەتەوە ، ئەوە ئەو گیانەیان کەوتوتە جیهانێکی پڕ لە پاکیو بێ گەردی خۆیەوەو شتی وای کردوە کە بە (معجزە) یا (فەراسەتی موسڵمان) وەیا (کەشفو کەراماتی ئەولیا) ئەناسرێ .. کە جاروبار بەچاوی ئەو گیانە پاکەیان شتی زۆر دوورو نا دیاریان بە دی کردوەو بە دەزگاکانی هەست ـ الحواس ـ دا زۆر شتی نائاسانیان لا ئاسان بووە .

ده فەرموو حەمزە گیان بزانم تۆش چیت بۆ وەرگرتوین ؟

حەمزە : دووەم دەرسی بەلای منەوە ئەوەیە کە ئەنجامی فیزو لووت بەرزی زۆر سەختو ناڵە بارە .. هەر هزی فیزو دەعیە بوو کە نەیهێشت شەیتان لە بەهەشتدا بمێنێتەوە ... بەڵکو بووە مایەی ئەوە کە

لەعنەتی لێبکرێ وله بەهەشت دەربکرێ (١) بۆیە
هەموو کاتێك فێزو دەعیه و خود پەرســـق ئەبێتە
ریسوایی خاوەنەکەی لە هەردوو جیهـاندا .. بۆیە
پێغەمبەری سەردارمان ـ ﷺ ـ ئەفەرموێ : ئیمان و
بروا بەخوا لەگەل زەرەیەك لە فێزو لووت بەرزیدا
لەیەك دلـدا کۆنابێتەوە ، وە دووبارە ئەفەرموێ :
فێز وەرنەگرتنی حەقەو خەلك بە سووك زانینە(٢).
مامۆسـتا : جوانە حەمزە گیان فێزو دەعیەبازی
بەلایەکی گەورەیە وتووشی هەر کەس بوو دەردەکەی
شەیتـانی ئەبا بەدلا . دە فەرموو دایکی تۆسـامە
بزانم تۆ چیت بۆ دۆزیوەتەوە ؟
فاطمە خان : سێهەم دەرس لای من ئەوەیە کە خوای

(١) « قال فاهبط منها فما یکون لك أن تتکبر فیها
فاخرج إنك من الصاغرین » . «الأعراف ١٣»
(٢) ریاض الصالحین ـ النووی ص ٣٥٤ .

پەروەردگار دۆســـتو پێغەمبەرێکی خۆی خســتۆتە بەندیخـانەی گوناهو سەرپێچی یەوەتا ئادەمیزادەکان بەندی لێ وەربگرن ودوژمنایەتی شەیتانیان بۆ ئاشکرا بێ کە ئەوەندە بەکارو دەسەڵات دارە کە توانیویەتی باوە گەوەرەیان هەڵخەڵە تێنێ (۱) .

دوژمنـایەتی شەیتان ڕاستیەکی مێژوویەو ڕوویداوە ، وە پێویستی سەرشانی ئادەمیزادە کە بە دوژمنی بژمێرێ وە کەرەسەی جەنگی بۆ ئامادە بکا بۆ خۆیو دەزگاو بەچکەو شاگردەکانی کە هەمیشە لەپێستی دڵسۆزیو دۆستیدا خەریکی سوێند خواردنو پەیمان دانی گزی کارانەو کەڵەکچیانەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی مەردووم .

مامۆستا : زۆرجوانە ، خوای پەروەردگار هەمیشە میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا .. ئادەی نەسیبە

(۱) «یابَنِي آدمَ لا یَفتِنَنَّکُم الشیطان کما أخرج أبَوَیکم من الجنه » . [الأعراف/۲۷]

گیان بزانم تۆ چیت بۆدۆزیویەتەوە .. ؟

نەسیبە : چوارەم دەرسیش بەلای منەوە ئەوەیە

کە : هەر چەند گوناه گەورەو زۆربن هێشتا رەحمو سۆزو بەزەیی خوا زۆرو فراوانترە .. بۆیە پێویستە لەسەر ئادەمیزاد کە تۆبەو پەشیمان بوونەوەی هەمیشە لەسەر زمان بێ ، وە نابێ یاس و بێ هیوا بێ لە رەحمەتی خوا ... وە ئەوەش ئەسەلمێ بۆمان ، کە هەڵەو تێ کەوتن و خەتا شتێکی نایاب و دوور نیە لە ئادەمیزادەوە ؛ بەڵکو پەشیمان نەبوونەوەو پشت گوێ خستنی فەرمانی خوا شتێکی ناخۆش و نەفرین خوازە .

مامۆستا : زۆر جوانە رۆڵە گیان ، خوا مرۆڤی وا دروست کردوو کە تاوان بکاو بە هۆی ئارەزوو ونەفسیەوە هەڵبخەڵەتێ ، بەڵام ئەبێ پەشیمان بێتەوە .. کەواتە تێ کەوتنەکەی گرنگ نیە ، بەڵکو گرنگ پەشیمان بوونەوەکەیەتی .

چبە دایکی ئوسامە ئەڵێی شتێکت بۆ چووە بیڵێی
فەرموو بیڵێ .

فاطمەخان : پێنجەم دەرس بەلای منەوە ئەوەیە کە
حسابی نزیکیو دوری لای خوا وەچاکیو خراپی
بۆ خەڵك بەسراوە بە ئەندازەی نزیکیو دوری ئەو
کەسەوە لە پەیامو ڕاوێژی خوا ، ئەوەی فەرمانبەری
خوا ناکا ونزیك لە خوا نابێ هەمیشە دڵ پیسو
خراپەکارە . ئەودش ڕوو لەخوا بێ هەمیشە پاكو
پیاو چاکە ، ئەوەتە قابیل خراپو تاوانبار بوو چونکە
دوور بوو لە خواوەو فەرمانو تەکبیرەکانی خوای
خستبوە پشت گوێ .. وە هابیل کوڕێکی باشو
بێوەیو سەر بەچاکە بوو چونکە نزیك لە خوا بوو
وفەرمانو تەکبیرەکانی خوای لەسەر سەر ڕاگرتبوو ..

مامۆستا : بەڵێ ، خۆ خوای عالەمیان چی ئەوێ لە

ئیمه جگه له چاکەو پیاوەتی ، بەلام خۆی دروستی کردوین و ئەزانێ بە چی وامان لێ دێت کە چاک بین ئەوەی بۆ ڕەوانە کردوین بە هۆی پێغەمبەرەکانەوە .
خۆیشم شەشەم دەرس بەوە ئەزانم کە ئارەزووەکانی جووتیەتی ونەمری وسامانداری وە تۆبەکاری هەر لەسەرەتای ژیانی ئادەمیانەوە لەمرۆڤدا هەیەو بکرە لەگەڵ قورەکەی باوکە ئادەم دا شێلراوە ..
غەریزەی (جووتیەتی) - الزوجیة - واتە هاوسەرگرتن یەکەم بناغەی ژیانی ئادەمیزادانەیە نەك تەنها بۆ بەچێ هێنانی ئارەزووی (جنسی) ، وە نەك تەنها لەبەر منداڵداری ونەوە خستنەوە .. بەڵکو خوای پەروەردگار وا ڕەنگی ئەم بوونەوەرەی ڕشتوە کە هەموو شتێك جووت بێ (١) ..

---

(١) « وَمِن كُلِّ شَيءٍ خَلَقنَا زَوجَينِ » .
« الذاريات/ ٤٩ »

ریاض

CamScanner

چونکە دامەرزاوی و خۆشی و ئارام لەوەدایە کە هەموو شتێك لەسەر ئەو بەرنامەو شێوەیە بڕوا کە خوا بۆی داناوە جگە لەمەش حورمەت و ڕێزێکی هێچکار زۆر بەدی ئەکەین لەم چیرۆکەدا بۆ ئافرەت کە دوای دروست بوونی دایکە حەوا لە گشت فەرموودەو فەرمانێکی خوادا لەگەڵ باوکە ئادەم ناو براوە (١) .

هەروەها غەریزەی (نەمری و مانەوە) ـ الخلود ـ ئەمەش جوان بە دیار ئەکەوێ لەسروشت و ـ فطرة ـ ی باوکە ئادەم و نەوەکانیشیدا کە هەمیشە مرۆڤ حەزی لە مانەوەو نەمردنە .. بێ گومان ئەمە شتێکی خوایی یەو سوچی کەسی تیانیە .

ئەوە بوو دیمان کە بەو فێڵە شەیتان توانی باوکە

---

(١) «یا آدَمُ اسْکُنْ أنتَ وَزَوجُكَ الجَنَّةَ...»

ئادەم بخەڵەتێنێ کە پێی وت :

ئەتەوێ درەختی نەمریت پیشان بدەم ؟! (١) .

لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەو مەراقە لە دڵی ئادەمیزاددا نەبێ هیچی بۆ ناکرێ و ناتوانێ هەڵسێ بە فرمانی خۆی .

هەروەها غەریزەی (سامان و مڵکداری) - التملك - ئەمیش لە سروشتی مرۆڤدا چاک ئاشکرایە کە هەمیشە حەز لە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان ئەکات ..

---

(١) لە سورەتی « طـه » .

فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَىٰ ﴿﴾

CamScanner

وه هه‌مان ئاره‌زووبوو كه بوه مایه‌ی ئه‌وه كه باوكه ئادەم فه‌رمانه‌كه‌ی خوای له یاد بچێ‌و له‌دره‌خته‌كه بخوا .. كه شه‌یتان ووتی مولكی نه‌براوه‌تان ئه‌بێ (١) .

ئه‌م ئاره‌زووه‌ش هه‌ر پێویستی به به‌هێز كردنی توانای مرۆڤه بۆ ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ی كشت سه‌رزه‌وی .

وه هه‌روه‌ها غه‌ریزه‌ی (ئایینداری‌و تۆبه‌كاری) - التدین - ئه‌م ئاره‌زووه‌ش له مرۆڤدا بنجی داكوتاوه‌و زۆر جار ئه‌كه‌وێته مه‌یدانی كاره‌وه‌و هێندێ جاریش ئاره‌زووه‌كانی تر ئه‌یكه‌ن به‌ژێره‌وه ..

وه به زۆری له دوو كاندا ده‌رئه‌كه‌وێ :

یه‌كه‌م : له‌كاتی ته‌نكانه‌دا كه مرۆڤ ئه‌پاڕێته‌وه

---

(١) « هَلْ أَدُلُّكَ عَلى شَجَرَةِ الخُلدِ ومُلكٍ لايَبلى ؟ » « طه »

وداوای ڕەحم و سۆز و بەزەیی لەخوا ئەکا ، دوایش
کە ڕزگاری بوو پەشیمان ئەبێتەوەو ئەچێتەوە دۆخی
جارانی ..

دووەم : لەکاتی ڕودانی گوناهو خراپەیەکدا لە دەست
مرۆڤێکی باش ...

کاتێك کە ئارەزووەکانی تر فرسەتی لێ دێنن و
خراپەیەك ئەکا .. ئینجا بە پەلە پەشیمان ئەبێتەوەو تۆبە
ئەکا ؛ وەك لەم چیرۆکەدا پەشیمانی باوك و دایکە
گەورەمان بۆدەر ئەکەوێ .

ئوسامە : بە خوا دەرسی جوانمان خوێند بابەگیان ...

بە ڕاستی مرۆڤ ئەو پایەو پلە بەرزەی خۆی لەیاد
ئەچێ و فەرمانی خواو جێگەداری خوا پشت گوێ ئەخاو
فیزو لوت بەرزی ئەکاو ئاگای لەدوژمنایەتی شەیتان
ودەزگاکەی بێ و شوێن بەرنامەو پرۆگرامی خـــوا

بکەوێ ؛ هەمیشە سەر بەرزو ڕوسوری لای خواو
لای مەردوم ئەبێ وە خۆی تەنها بە بەرپرسیاری
خوا ئەزانێ .. ئەم بیرە قوڵ و فەلسەفە جوانە لە کوێ و
ئەو داستانە درۆییانە لە کوێ کە دەمێ مرۆڤ
ئەکەن بە بەچکەی کرمو جانەودرو ، دەمێ ئەیکەن
بە ڕۆڵەی مەیمون ؟ .. جا توخوا ئەگەر
ـ خوانەخواستە ـ باوە گەورەمان کرم وەمەیمون
بوایە ، چۆن ئەمانوێرا لە عاشق جانەوەرانیشا
بڵێین « لەل » . دیارە مەبەستی ئەم شەیتانۆلکە
درۆچیانە تەنها ئەوەیە کە لە ڕێزی مرۆڤ کەم
بکەنەوەو بیخەنە بەرشەپۆلی نۆکەری خۆیانو شەیتانی
ئاغایان ..

لە کۆتاییشدا : بە ناوی هەموانەوە ڕێزو سوپاست
پێش کەش دەکەم ئەی باوکی بەڕێز ، وە لە خوا

CamScanner

ئەپاڕێمەوە کە تۆمان بۆ خۆشکا ؛ بۆ گەرم کردنەوەی گیانو هەستو هۆشمان بە زۆپای چیرۆکە قوڕئانیەکانت . کە خوا ئەزانێ هەرکەسێك فریای ئەم جۆرە زۆپایانە نەکەوێ لەم دەشتو دەرو کێوو چیایانەدا ڕەق ئەبێتەوەو ئەبێ بەشەهیدی ڕێگای گێلیەتیو بێ کەسی ..

حەمزە : بەڵام ئەبێ دڵمان خۆش بکەی بەوەی کە ئایا نیازت وایە بمان حەوێنیتەوە لە سایەی چیرۆکی تری قوڕئاندا ... ؟!

مامۆستا ڕەحیم : خوا بکا ئێوەم بۆ خۆش بن و تەمەنمان وەفا بکا نیازم وایە - خوا کۆمەك بێ - لەم زستانە پڕ لەسەرماو سۆڵەیەدا ، ئەم چیرۆکە قوڕئانیانە بکەینە شەو چەرەمان تا خوا بەهارمان بۆ دێنێ ، ئەوسا لەسایەی لقێکی تری قوڕئاندا

ئەحەسێینەوە .. کە واتە تا چیرۆکی داماتوو خواتان لەگەڵ ...

« سُبحانَ ربِّك ربِّ العزة عمّا يصفون وسلامٌ على المرسلين والحمد لله ربِّ العالمين » .

بەم زوانە

چاوەڕوانی ئەلقەی دووەمی ئەم زنجیرەیە بکەن

(نوح پێغەمبەر) درودی خوای لەسەربێ .